**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە :** 10206 **لە** 2014/12/16

**پاڵپشت بە ماددەکانی (حەوتەم) و (سێزدەهەم) لە یاسای دارستان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (10)ی ساڵی 2012 و بۆ بەرهەم هێنانی بنێشت لە دار قەزوان ئەم ڕێنمایییە دەرکرا:**

**ڕێنمایی ژمارە** ( 6 )**ی ساڵی** 2014

**تایبەت بە بەرهەم هێنانی بنێشت لە دار قەزوان**

**ماددەی** ( 1 )**:**

**مەبەست و واتای ئەم زاراوانەی خوارەوە لە بەرامبەریان دیاری کراوە:**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان**

**بەڕێوەبەرایەتی : بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان.**

**بەشی دارستان و پاوان: بەشی دارستان وپاوانی لە سنووری قەزا و ناحیەکان**

**بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان : بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگە لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان.**

**بەڕێوەبەرایەتی ژینگە: بەڕێوەبەرایەتی ژینگە لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان.**

**دار قەزوان : ئەو جۆرە درەختەیە کە بنیشتی لێ دەردەهێنرێت و (دارەبەن)یشی پێ دەووترێت.**

**بنێشت : ئەو ماددەیەیە کە لە دار قەزوان (دارەبەن) دەردەهێنرێت.**

**ماددەی** ( 2 )**:**

**یەکەم : بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی ئەم ڕێنمایییە و سەرپەرشتی کردن و بە دواداچوونی کارە تەکنیکیەکان لە سنووری پارێزگا و پێدانی مۆڵەتی بەرهەم هێنانی بنێشت لیژنەیەکی سەرپەرشتیاری پێك دەهێنرێت لە نوێنەری ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە:**

**1- بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان سەرۆك**

2- بەڕێوەبەرایەتی ژینگە ئەندام

3- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان ئەندام

دووەم: لەو شوێنانەی کە دار قەزوانی لێ یە و بنێشتی لێ دەکرێت لیژنەیەکی لاوەکی پێك دەهێنرێت لە نوێنەری ئەم فەرمانگانە:

1- هۆبەی دارستان وپاوان سەرۆك

2- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان لە ناوچەکە ئەندام

3- بەڕێوەبەرایەتی ژینگە لە ناوچەکە ئەندام (ئەگەر فەرمانگەیان هەبوو)

4- نوێنەری یەکەی ئیداری ناوچەکە ئەندام

ماددەی ( 3 ): ( پێدانی مۆڵەت )

1- مۆڵەت دەدرێت بە کەسی بەرهەم هێن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانەوە بە متمانەکردنە سەر کۆنۆسی لیژنەی پارێزگا.

2- مۆڵەتەکە وەرزی یە.

3- نمونەی فۆرمی مۆڵەت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئامادە دەکرێت.

4- خاوەن مۆڵەت دانیشتوی هەرێمی کوردستان بێت.

5- مافی سوود وەرگرتن لە دار قەزوان لەو زەویانەی کە مافی بەکارهێنانی تاکە کەسی (حق التصرف ) لەسەرە بۆ خاوەن ماف دەبێت بەڵام بە مەرجی پابەند بوون بە هەموو ماددەکانی ئەم ڕێنماییە جگە لە خاڵی (5)ی ماددەی حەوتەم .

6- قەدەغەکردنی بەرهەم هێنانی بنێشت لە داری قەزوان لە سنوری ناوچەی پارێزراوە سروشتیە پێشنیار کراوەکان .

ماددەی ( 4 ): شێوازی داواکردن و جێ بەجێ کردنی کارەکارگێڕیەکان

1- داواکار داوایەك پێشکەش دەکات بە هۆبەی دارستان وپاوانی ناوچەکە بۆ ئەو مەبەستە کە ڕەزامەندی ئەنجومەنی گوند یان مختاری لەگەڵ دابێت لەگەڵ دیار کردنی ژمارەی دارەکان.

2- لیژنەی یەکەی ئیداری ناوچەکە پاش نۆرین و لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر دەکەن لە رووی ژمارە و ئەستووری و بارودۆخی درەختەکان و هەر پێشنیارێکی تر کە پێویست بکات لەگەڵ دەربرینی ڕای خۆیان بە ڕوونی و پێشنیار و راسپاردە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان دەکەن.

3- لیژنەی پێکهاتوو لە پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆکان لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر دەکەن و ئینجا بڕیار دەدەن.

**ماددەی ( 5 ): مۆڵەت دەدرێت بە بەرهەم هێنانی بنێشت لە دار قەزوان بەم شێوەیەی خوارەوە:**

1- بە (3 - 5) ساڵ جارێك بەپێی جۆر و بارودۆخی دارەکان لە رووبەرێکی دیار کراودا.

2- لە کاتی پێویست بەڕێوەبەرایەتی بۆی هەیە ماوەی پێدانی مۆڵەت زیاتر بکات لەوەی کە لە بڕگەی (1)ی ئەم ماددەیە هاتووە بەپێی بارودۆخی دارەکان و کەش و هەوای ئەو ناوچەیە.

3- لە ناو دارستانێکدا تەنها رێگە دەدرێت بە بەرهەم هێنانی بنێشت لەو دارانەی بارودۆخیان باشە و پاش نۆرینی لە لایەن لیژنەوە بڕیاری لەسەر دەدات و درەختەکان دیاری دەکرێن.

**ماددەی ( 6 ): بەم مەرجانەی لای خوارەوە رێگە دەدرێت بەسوود وەرگرتن لە دار قەزوان بەمەبەستی بنێشت کردن:**

1- دەبێت ئەو کەسانەی بەو کارە هەڵدەستن شارەزابن بە شێوەیەك لە کاتی بریندارکردنی درەختەکان سەلامەتی لەبەرچاو بگرن و بریندارکردنەکان زۆر قووڵ نەبێ و تەنها لە بەشی تـوێکڵی دارەکـە ئەنجام بدرێت و نەگاتە چینی شانەی دارك (الخشب).

2- پێوستە ئەو کەرەستانەی کە بریندارکردنەوەکەی پێ ئەنجام دەدرێت بە هۆی ماددەی پاکژکەرەوە (مادة معقمة) خاوێن بکرێتەوە لە نێوان دوو درەختدا.

3- پێویستە ژمارەی (کوچەڵە)کان بگونجێت لەگەڵ بارودۆخ و ئەستووری درختەکان واتـە زیـاد لـە پێویست نەبن.

4- پاش لێکردنەوە و هەڵگرتنی بەرهەمی بنێشتەکە دەبێت بەرهەم هێن شوێنی برینەکان چارەسەر بکات بە بەکارهێنانی (شمع پارافين) یاخود بەکارهێنانی هەر ماددەیەکی تر بۆ چارەسـەرکردنی برینەکە.

**ماددەی ( 7 ): رێکارە یاسایی و کارگێری یەکان:**

1- دەبێت بەرهەم هێن بەڵێنامەی فەرمی بدات بە پەیوەست بوونی بە سەرجەم ئەم رێنمایانەوە لـە بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان.

2-لە کاتی پەیوەست نەبوون بە ڕێنماییەکان جگە لە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکە هەموو ئەو سزایانەی بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت کە لە یاسای دارستان ژمارە (10) ساڵی 2012 و ڕێنماییەکانی دا هاتووە.

3- ئەو دارە بەنانەی کە کێشەی لەسەرە لیژنەی سەرپەرشتیاری بۆی هەیە بیانخاتە ناو هەراجی ئاشکرا بە پێی یاسای فرۆشتن و بەکرێ دانی مولکی دەوڵەت ژمارە (32)ی ساڵی 1986.

4- ئەگەر لیژنەی سەرپەرشتیار پێش بینی کرد کەمۆڵەت پێدان دەبێتە هۆکاری دروست بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی ، ئەم لیژنەیە بۆی هەیە مۆڵەت نەداتە هیچ کەس و لایەنێك.

5- بۆ هەر درەختێك بڕی (2000) دوو هەزار دینار وەردەگیرێت بە پسولەی فەرمی لە بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان.

6- پێدانی کرێی پشکنین بەپێی ڕێنمای یەکانی دارایی.

**ماددەی (8): بەڕێوەبەرایەتی دارستان وپاوان هەڵدەستێت بە:**

1- بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دار قەزوان و بەرهەمی بنێشت لە ناوچە جیاوازەکان لە سنووری پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆکاندا.

2- ئەنجام دانی کاری پێویست بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکان.

**ماددەی (9):**

ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**عبدالستار مجید قادر**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**هۆکاری دەرچوونی**

دار قەزوان یەکێکە لەو جۆرە دارە سروشتیانەی کە لە دارستانە سروشتیەکانی کوردستان دا هەن کە دەخەملێندرێت بە نزیکەی (2-3)% لە کۆی ژمارەی دارە سروشتی یەکان و بە پلەی دووهەم دێت

پاش دار بەرِوو و توانایەكی بە هێزی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دۆخی نالەبار وەك ووشكە سـالّی، بەرز بوونەوە و نزم بوونەوەی پلەی گەرما، رِەشە با، خاكی نالەبار، بریندار بوون، و ئەو جۆرە درەختە ژمارەیەك بەرهەمی لاوەكی (فوائد الثانوية) هەیە و بنێشت یەكێكـە لـەو بەرهەمانـەی بازرگـانی پێوەدەكرێت و سەرچاوەیەكی ئابووری دانیشتوانی ئەو ناوچانەیە كە ئەو جۆرە درەختەی لیَ یە. وە لە هەمان كات دا یەكێكە لە پیشە و نەریتە كۆنەكانی گەلەكەمان و بۆ رێكخستنی سوود وەرگرتن لەم دارە بۆ مەبەستی بەرهەم هێنانی بنێشت ئەم رێنماییە دەركرا.

**وەزارەتی كشتوكالّ و سەرچاوەكانی ئاو**

**ژمارە :** 10207 **لە** 2014/12/16

پالّپشت بە مادەی (3) لە یاسای وەزارەتی كشتوكالّ و سەرچاوەكانی ئاو ژمارە (6)ی سالّی2010 وە بەمەبەستی رێگە پێدان بۆ بازرگانی كردن بە كەل و پەلی كشتوكالّ وە پێدانی راوێـژكاری زانـستی و سەردەمیانە لە لایەن نوسـینگە كشـتوكالّیەكان بـە بەرهەمهێنـەرانی هـەرێمی كوردسـتان ئـەم رێنماییانەی خوارەوە مان دەركرد:-

**رێنمايي ژمارە ( 7 )ی سالّی 2014**

**رێنمایی كردنەوەی نوسینگەی بازرگانی كردنی كەل و پەلی كشتوكالّی و نوسینگەی راوێژكاری كشتوكالّی**

**ماددەی ( 1 ) : مەرجەكانی كردنەوەی نوسینگەی فرۆشتنی كەل و پەلی كشتوكالّی .**

1. دەبێت تایبەتمەند بن بە فرۆشتنی قرِكەرەكان و پەینی كیمیاوی و ئامێری كشتوكالّی و یەدەكی پێویست و تۆی (سەوزە ومیوە) و پێداویستی هەنگ وە بە هیچ شێوەیەك نابێت مەوادی ئاژەلّی بفرۆشن.
2. پابەند بێت بە رێنماییەكانی وەزارەتی كشتوكالّ و سەرچاوەكانی ئاو و پێدانی زانیاری بە لێژنەی بەدواداچونی نوسینگە و كۆمپانیا كشتوكالّیەكان .
3. ئەو (قرِكەرو پەینی كیمیاوی) یانەی كە دەفرۆشرێـت دەبێت ئەم مەرجانەی تێدابێـت:

أ. رێگە پێدراو بێت لەلایەن وەزارەتی كشتوكالّ و سەرچاوەكانی ئاو وە پابەند بێت بە رێنماییەكانی هاوردەكردن و گواستنەوە .